# LIDA Stories

lidastories.net

مندالْبوون

✎ LIDA Italia
Sara Dorthea Johannesen
Dler Piran

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# مندالْبوون



LIDA Italia
Sara Dorthea Johannesen
Dler Piran
4
کوردی ckb



سەلەهویت ٢٩ ساڵە. ئەو یەکەم منداڵی بوو لە ئێریتریا. ئەو و خێزانەکەی کاتێکی سەختیان هەبوو لەوێ، بۆیە بڕیاریاندا بچنە ئیتاڵیا.



ئینگ بەرلەوەی ببێتە 19 ساڵ ماڵی بەجێهێشت. ئەو چوو بۆ نەرویج و یەکەم منداڵی لەوێ بوو.





هەردوو ژنەکە منداڵی تەندروستیان بوو. سەلاهویت کوڕێکی تری بوو، لەکاتێکدا ئینگ کچێکی بوو. مێردەکانیان زۆر شانازیان دەکرد، وە بە هەموو کەسێکیان دەگوت کە دەربارەی ژنە بەهێزەکانیان و منداڵە تەندرووستەکانیان زانیویانە.



کاتێک سەلەویت سکپڕ بوو بە منداڵی دووەمی، بیری دەکردەوە چۆن دەبێت منداڵێکی لە وڵاتێکی جیاوازدا ببێت.





ئینگ و دکتۆرەکەی ڕێککەوتن کە ئەو دەبێ چاوی بە مامانێک بکەوێ بۆ پشکنینی دەوەوە لە ماوەی دووگیانییەکەیدا. مامانەکە ئامۆژگاری پێیدا لەبارەی خواردن و پشوودان، لەگەڵ زانیاری لەبارەی ئەوەی چۆن خۆی و منداڵەکەیشی و سەلامەت بهێڵێتەوە.



سەلاویت و ئینگ لە پێشینەی زۆر جیاوازەوە هاتوون. سەلاویت هەستی بە سەلامەتی کرد چونکە ئەزموونی منداڵبوونی هەبوو. ئینگ قسەی لەگەڵ دایکی کرد لەبارەی منداڵبوون.





کاتێک دراوسێی ئینگ بیستی ئەو هەوڵدەدات منداڵێکی ببێ، دراوسێکە پێی گوت هەر کە زانی دووگیانە بچوی بە دکتۆرێک بکەوێ. بەوجۆرە دەتوانێ دڵنیابێتەوە کە خۆی و منداڵەکەی سەلامەتن. دکتۆرەکە پێی گوت کە ترشی فۆلیک وەرگرێ، کە ڤیتامینێکی گرنگە بۆ ژنانی دووگیان.



هەردوو ژنەکە ئەوەیان بیستبوو کە لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا ژنانی دووگیان مافی چاودێریکردنی پێش منداڵبوونیان هەیە. ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوان یارمەتی دەدرێن لەماوەی دووگیانییەکەیان. سەلامەویت هەر کە زانی دووگیانە وادەیەکی لەگەڵ دکتۆرەکەی دانا. مێردەکەی سەلامەویت ئەوی برد بۆ لای دکتۆرەکە.







دکتۆرەکە هەندێک پشکنینی بۆ کرد و بۆی دەرکەوت کە سەلامەویت جۆرێک لە شەکرەی هەیە کە هەندێک ژنی دووگیان تووشیان دەبێ. پێویست بوو ئەو خواردنی تەندروست بخوات و ڕاهێنان بکات. سەلامەویت خۆشحاڵ بوو کە زوو چووە لای دکتۆر، بەر لەوەی خۆی و منداڵەکەی نەخۆشی بگرن.